**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٤٧٩ لە ٢٠٢٥/١/٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (١٥٢) بڕگەی (دووەم) لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦) ساڵی ١٩٨٠ ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**هەموارکردنی دووەمی ڕێنمایی تایبەت بە سەنتەرەکانی**

**شەبەنگی ئۆتیزم لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٨**

**ماددەی (١)**

زیادکردنی بڕگەی (سێیەم) بۆ ماددەی (١٣)ی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٨، ئەمە دەقەکەیەتی:

**سێیەم-** کردنەوەی بەشێك لەناو سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم بۆ منداڵانی توشبووانی شەبەنگی ئۆتیزمی سەروی تەمەنی (١٢) دوازدە ساڵی و بەرنامە و پرۆگرامی فێرکردن و ڕاهێنانی تایبەت بەوبەشە پەیڕەو دەکرێت بەپێی ستاندەرە نێودەوڵەتییەکان.

**ماددەی (٢)**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)، جێ بەجێ دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٣١٦ لە ٢٠٢٥/١/١٣**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١ و ئاماژە بە هەردوو نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێم ژمارە (١٧٩٢٦ لە ٢٠٢٤/٩/٢٥) و (١٨٣٤٤ لە ٢٠٢٤/١٠/٢)، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**هەمواری دووەمی ڕێنمایی مەرجەکانی سەلامەتی و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل**

**و ماتۆرسکیلی هاوردەکراو ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنەوەی بڕگەی (٦) لە ماددەی سێیەم لە ڕێنمایی سەرەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٦- ئۆتۆمبێلی کارەبایی بە رسوماتی (٣) سێ پستۆن تۆمار دەکرێن.

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**